# سەدام لەسیدارەدرا بەلاّ م کوردی خۆشحالّ نەکرد

ئاسۆ
Asoahmad2004@yahoo.com



سەدام لەماوەی 35 ساڵی حوکم رانی خۆیدا  بوە گەورەترین سەرکردەی عەرە ب کە زۆرکەس لەجیهانی عەرەبی  باوەر یان وابو کەسەدام پێخەمبەری سەردەمی عەرە بە  کاتێك حیزبی بەعس کورسی دەسەلاّتی گرتە دە ست   عێرا ق  کە وتە نێو جەنگێکی درێژ خایەن سەرە تای ئەم  مل ملا نیە خویناویە  لەنیو ڕیز ە کانی حیزبی بەعس خۆیدا دەستی پێکرد کاتێك سەدام و دارو دەستە کەی کە وتنە لەنیو بردنی  نە یارە کانیان لە نیو حیز بی بەعس  دا   دوای کۆنترۆڵکردنی حیزبی بەعس  سەدام و دارو دەستەکە  کەو تنە جەنگ  لەگەل کورد و شیعە وە بەهەمو شێوە یەك ئازادی و دیموکرا سیان لە نێو برد ئە مە سەرە ڕای جە نگێکی  وێران کەر لە گەڵ ئێراندا  حیزبی بە عس بەدرێژای دە سەلاّ تیان لە عێراق کاریان کوشتو بری کورد بوو بە سەدان هەزار هاولأتی کو ردیان لە نێو برد  سەدام می دیکتاتۆر لە ماوەی دە سەلأتی دا ئەوەی لەدە ستی هات درێخی نەکرد هەر لە ئە نفال و  کیمیا باران و کاولکردنی کوردستان سەدام کە سێکی دڵرەق وبێ بەزی بوو دەسەلأت خۆشە ویست بوو  لە هە مانکاتیشا پیاوێکی تابڵی تر سنۆك بوو  دوای  ئەوەی پرۆسەی ئازادی لە عێراق بە سەرکەو توی کۆتای پێها تو سو پاو کۆشکە کە کانی سەرۆ کا یەتی دیکتا تۆر هارە یان کرد و دارمان  سەدامیش  تە نها  جیگای بۆ  خۆحە شاردان کو نێك بو کەرِەنگە  بۆ ئەژەڵیش  بە کار نە  یەت کا تێکیش سە ر بازانی ئە مر یکا گە یشت نە سە ر دوا کونی سەدام زۆر بە سانیو بێ بە رنگار بونەوە خۆی دا بەدە ستەوە  کە ئەمە لە مێژوی دیکتا تۆرە کاندا بێ وێنە بو سەدام نە یتوانی تە نها وەك سە




ربازێکیش نەك  بەر گری  لە نەتەوەی عە رەب  بەڵکو  بەرگری لەخودی  خۆشی پێ نەکرا  زیندانی سە ربازانی مارێنز تا کە جیگا بو بۆ پارستنی خۆی  و ئەو لە ساتەنەدا تەمانی ئەوەی دەکرد وە ك دیلی جەنگ بکەوێتە دەست سەر بازانی ئەمریکا .دوای پێکئەوەی  دا دگایەکی تایبەت بە تاوە نە کانی سەدام پێك هات  تاوانی دوجێل بوە یەکەمین کێشەی دادگا و دو و داوەری کورد ئەم دادگایی کردنە یان بەرێوە برد کە سەرنجام بریاری دا دگا بەلە سێدارە دانە سەدام و عەواد بەندەر بەرزانی زربرای سەدام کۆتای پێهات رای گشتی کوردی لە سەرە تای دە رچونی بڕیارەکەوە تر سوو نیگەرانی دای گرت هۆکارە کەشی ئەوە بوو کە سەدام

پێش ئەوەی دادگای کردنی لە سەر کێشەی ئەنفال کۆتای بێت سزای لە سێدارە دانەکە جێ بەجێ بکرێت ئاخر خە لکی کوردستان ماوەی سیو پێنج ساڵە لەژێر هەرەشەی فرکرد ندا بوون لە سەر دە ستی سەدام و داروو دەستەکەی خەڵکی کوردستان وا چاوە ڕێیان لەم دادگایەدەکرد کە سەدام لە سەر تاوا نە کانی دژ بەکورد لەسێدارە بدات .

کێشەی دوجێل لە چاو تاوەنە کانی ئە نفال و کیمیباران و فرکردنی نە تەوە یەکدا زۆر بچوکە و ئیستا ش کە سزای لە سێدارە دان بە سەر دیکتاتۆردا جێ بەجێکرا لە سەر تاوە نە کانی دوجێل خەڵکی کوردستان لە باتی شادی ئەو پر سیارە دەکە ن ئەی تاوانی ئەنفال و هە ڵبجە ئەی بێسەرو شوین کردنی بارزانیە کان وە دەڵێن دە بو تا ئەم کیشانە لە دادگا یەکلای نەکرایەوە ئەو سزا یە جێ بەجێ نە کرا با یە ئە م پرسیارە ش ئیستا ڕوو بەڕوی دە سەلاَت دارانی کورد بۆتەوەو ئەوان بەرپرسی یەکە من. ئەمڕۆ30 \ 12 \2006 دوای بلاَو بونەوەی هەواڵی لە سێدارە دانەکەی سەدام بە رپرسانی کورد لە ڕیگای کە ناڵە کانی ڕا گە یاندنەوە ئەوە یان بە گرنگزانی کە سەدام لەسێدارە دراو دادوەرێکی کوردیش بڕیاری لە سێ دارەدانەکەی دە رکرد و باسیشیا ن لەوە کرد کە پرۆسەی دادگایکردنەکە بەردەوام دەبێت لە سەر تاوانی ئەنفال بەلاَم ئەو پرسیارە دێتە پێش کە ئا یە دوای لە سیدارە دانی سەدام پرۆسەی دادگای کردنەکە بەرەو کۆتای ناڕوات دادگایەك کە بێدادگای کردنی سەدام بەرێوە بچێت چۆن دە بێ ئەمە لە کاتێکدا دە بو دەسە لاَت دارانی کورد بیریان لەوە بکردا یەوە کە لە سێدارە دانی سەدام لە سە ر تاوانە کانی دژ بەکورد لە چەندین ڕەهەندەوە بۆ نە تەوەی کورد گرنگ بوو نەك ئەوەی کە دە سەلاَت دارانی کو رد ئەمرۆ ووتیان گوایە نیگەرانیەکانی شە قامی کوردی زیاتر عاتفیە لەسەر ئەوەی کە سەدام دە بوو لە سەر تاوانە دژ بە کورد لە سێدارە بدرایە بە لاَم سە رکردە کانی کورد وە ك هەموجار پاساو بۆشکستە کانی خۆیان دە هێننەوەو دان بەو ڕاستیە دا نانین کە زۆر بێ بەرنامەو کەمتەر خەمن ئە گیانا ئەوەی لە ئەلفو بای سیاسەت تێ بگات دە یزانی کە لە سێدارە دانی سەدام لە سەرتاوانە کانی دژبەکورد لە ئاستی نیو دەوڵەتی دا دڕندەی ئەم ڕژێمەی دەسەلمان و کێشەی کوردیشی تائاستێکیباش بەرەو پێش دەبرد بەلاَم سەرکردایەتی کورد ئەم هەوڵەی نەداو سەدامی بکوژی سەدان هەزار کوردیش ڕۆشتو و ئەو خەونەی کوردیش نە هاتەدی .